دۆناڵد ترەمپ ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەیەک لەگەڵ ڤلادیمیر پوتن



دۆناڵد ترەمپ، سەرکی هەڵبژەردراوی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەیەک لەگەڵ ڤلادیمیر پوتن، سەرکی ووسیا بۆ "کۆتاییهێنان" بە شەڕی ئۆکرانیا.

دۆناڵد ترەمپ پێش کۆبونەوەی لەگەڵ پارێزگارەکانی کەماریەکان لە شوێنی نیشتەجێبونی خۆی لە مار ئا لاگۆ لە پاێم بیچ لە ویلایەتی فلۆریدا وتی، "ئەو (ڤلادیمیر پوتن) دەیەوێت کۆببێتەوە، ئەمڕۆ لە پێسی هێکخستنی ئەو بابەتەداین"، بەڵام وتی، هیچ خشتەیەکی کاتی بۆ دانوستانەکان دانەنراوە.

گەڵانەوەی چاوەڕوانکراوی ترەمپ بۆ کۆشکی سپی لە 20ی ئەیم مانگەدا، هیوای گەیشتن بۆ چارەسەرکی دیپلۆماسی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ئۆکرانیا کە لە شوباتی 2022 دەستیپێکردوە، زیندودەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ترس لە کیەف دروست دەکات کە گەیشتن بە هێکەوتنەکی خێرا بۆ ناشتی هێنگە ئۆکرانیا نرخەکی قورس بدات.

هاوڕکارانی ترەمپ پێشنیاریان خستوەتەڕو بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە کە بەشەوێکی کاریگەر بۆ مانای

تەسلیمکردنی بەشە گەورەکانی ئۆکرانیا دەبێت بە هۆسیا لە ئایندەیەکی نزیکدا.

ترەمپ لەبارەی شێوەی نێوان هۆسیا و ئۆکرانیا لەدوانی دا و وتی، "سەرۆک پوتن دەیەوێت ئەم یەکتر ببینین، تێنانەت بە ئاشکرا ئەو قسەیەی کردوە، دەبێت کۆتایی بەو شەڕە بهێنین، ئەوە گۆڕاوێکی خۆنەویە".

لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕ لە ئۆکرانیا، ئەمریکا بە سەرکردایەتی جۆ بایدن، سەرکی دیموکراتەکان، بڕێنی داوە زیاتر لە 175 ملیار دۆلار وەک هاوکاری پێشکەش بە ئۆکرانیا بکات، کە زیاتر لە 60 ملیار دۆلار لە شێوەی هاوکاری ئەمنیدایە.

بەڵام تا ئێستا دنیایی نییە کە ئایا هاوکارییەکان لە سەردەمی ترەمپدا بە هەمان خێرایی بەردەوام دەبن یان نا، کە ترەمپ دەڵێت دەیەوێت بە خێرایی کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێت.

دیمیتری پێسکۆف، وتەبێژی کرەملین پێشتر ڕایگەیاندوە، کە پوتین پێشوازی لە خواستی ترەمپ دەکات بۆ بەستنی پەیوەندییەکان، بەڵام تا ئێستا هیچ داواکارییەکی فەرمی نۆکراوە، ئاماژەی بۆشکرد، لە سەرێتادا چاوەڕوانی دەستبەکاربونی ترەمپ بکرێت لە جێی خێیدا.

ڤلادیمیر زلێنسکی، سەرکی ئۆکرانیا ڕایگەیاند، ترەمپ دێتوانێت هێزەکی یەکلاکەرەوە بگەڕێت لە دیاریکردنی دەرئەنجامی شەڕی 34 مانگە لەگەڵ هۆسیا و یارمەتی ڕاگرتنی پوتن بدات.